حکومەتی هەرێمی کوردستان_عێراق

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

زانکۆی تیشکی نێودەوڵەتی

کۆلێژی یاسا/ بەشی یاسا

# چاودێری دادگایی لەسەر بڕیاری کارگێڕی نەرێنی

ئەم توێژینەوەیە وەك بەشێك لەتەواوکاریەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لەیاسای گشتی پێشکەش بە فاکەڵتی یاسا لەزانکۆی تیشکی نێودەوڵەتی کراوە.


**لەلایەن قوتابیان:**

**عمر کاك أمین عولا**

**مەزن بەختیار أغا**

**بەسەرپەرشتی : م. محمد عبدالکریم**


**(2023_2022)**

قال تعالى:

# إنَّما يَخشى اللّه مِنْ عِباده العُلَماءُ

سورة فاطر: أية: 28

## پێشکەشە .......

- پێشکەش بە دایك و باوکمان.
- بە خوشك و براکانمان.
- پێشکەش بە مامۆستای ئازیز (م. محمد عبدالکریم)کەوا ئەرکی زۆری کێشا لەگەڵمان.
- پێشکەش بە قوتابیانی بەشەکەمان.
- پێشکەش بە سەرجەم خوازیارانی زانست.

**توێژەران**

سوپاس و پێزانین ..

- سوپاسی خودای گەورە دەکەین بۆ بەخشین و نیعمەتەکانی.

- سوپاس بۆ دایك و باوكی ئازیزمان كەوا لەگەڵمان ماندووبوون بۆ گەیشتن بەو ڕۆژە.
- سوپاسی بێ پایەن بۆ مامۆستای قەدرگران (م. محمد عبدالكريم) لە بەرامبەر ئەو ماندووبوونەی بۆ ئەو توێژینەوەیە كردی.
- سوپاس بۆ هەر كەسێك بە ووشەیەكیش هاوكارمان بووبێت.

توێژەران

**پێرست**



| ز | بابەت | لاپەڕە |
|---|---|---|
| 1 | ئایەتی قورئانی | أ |
| 2 | سوپاس و پێزانین | ب |
| 3 | پێشكەشكردن | ج |
| 5 | پێرست | د |
| 6 | پێشەكی | 1 – 3 |

| | | |
|---|---|---|
| 4 | بەشی یەکەم/ پێناسەی بڕیاری کارگێڕی نەرێنی | 7 |
| 4 | باسی یەکەم/ مانای بڕیاری کارگێڕی نەرێنی | 8 |
| 5 – 4 | لقی یەکەم/ پێناسەی بڕیاری کارگێڕی نەرێنی | 9 |
| 6 – 5 | لقی دووەم/ مەرجەکانی بڕیاری کارگێڕی نەرێنی | 10 |
| 7 – 6 | لقی سێیەم/ تایبەتمەندیەکانی بڕیاری کارگێڕی نەرێنی | 11 |
| 8 | باسی دووەم/ جیاکردنەوەی بڕیاری کارگێڕی نەرێنی لەو بڕیارە کارگێڕییەی کەوا لێی دەچێت | 12 |
| 10 – 8 | لقی یەکەم/ بڕیاری کارگێڕی نەرێنی و بڕیاری کارگێڕی ناوەکی | 13 |
| 11 – 10 | لقی دووەم/ بڕیاری کارگێڕی نەرێنی و بڕیاری کارگێڕی ئاشکرا یاخود ئەرێنی | 14 |
| 12 | بەشی دووەم/ چاودێری دادگایی لەسەر بڕیاری کارگێڕی نەرێنی | 15 |
| 12 | باسی یەکەم/ پایە دەرەکییەکانی بڕیاری کارگێڕی | 16 |
| 14 – 12 | لقی یەکەم/ پایەی تایبەتمەندێتی | 17 |
| 15 – 14 | لقی دووەم/ پایەی شێوە و ڕێککارەکان | 18 |
| 15 | باسی دووەم/ پایە ناوەکیەکانی بڕیاری کارگێڕی | 19 |
| 16 – 15 | لقی یەکەم/ پایەی هۆکار | 20 |
| 17 – 16 | لقی دووەم / پایەی بابەت | 21 |
| 17 | لقی سێیەم/ پایەی مەبەست | 22 |
| 18 – 17 | باسی سێیەم/ دەسەڵاتی دادوەر لە ڕاگرتنی جێبەجێکردنی بڕیاری کارگێڕی نەرێنی | 23 |
| 18 | لقی یەکەم/ مانای وەستاندنی جێبەجێکردنی بڕیاری کارگێڕی | 24 |
| 20 – 19 | لقی دووەم / ڕادەی گونجاوی وەستاندنی بڕیاری کارگێڕی نەرێنی | 25 |
| 21 | دەرئەنجام و ڕاسپاردەکان | 26 |
| 23 – 22 | سەرچاوەکان | 27 |

# پێشەکی

بڕیارە کارگێڕییەکان بە گرنگترین ئامرازەکانی بەردەست ئیدارە دادەنرێن لە ئەنجامدانی ئەرکی ئیداری، وە بە مەترسیدارترین دەسەڵاتەکان دادەنرێت کەوا ئیدارە هەیەتی ، بڕیاری کارگێڕی ئەو ئامرازەیە کەوا لایەنی ئیداری لە ڕێگەیەوە ئیرادەی تاکانەی خۆی دەردەبڕێت بە مەبەستی دروستکردنی شوێنەوارێکی یاسایی دیاریکراو. هەروەها بڕیاری کارگێڕی یەکێکە لە کارە سەرەکی و گرنگەکانی دەسەڵاتی کارگێڕی کە ڕۆژانە پیادەی دەکات دەرهەق بە تاکەکان و کاریگەری پێ دروست دەکات لەسەر پێگەی یاساییان، ئیتر ئایا دروستکردنی پێگەیەکی یاسایی بێت بۆیان یان هەموارکردنەوەی پێگە یاساییەکەیان، یاخود هەڵوەشاندنەوەی ئەو پێگە یاساییەی کە هەیان بووە.

گرنگی بڕیاری کارگێڕی لەوەدایە کە گوزارشت دەکات لە بیروڕای دەسەڵاتی کارگێڕی لەسەر ئەو بابەتانەی کە دەچێتە بەردەستی و دواجار قسەی کۆتایی لە بارەیانەوە دەکات.

بڕیاری کارگێڕی نەرێنی ئەو کاتە دێتەدی کە لایەنی ئیداری بڕیارێك دەرناکات کەوا پێویستە دەریکردبوایە بە حوکمی یاسا. یاخود ئیدارە بێدەنگی هەڵدەبژێرێت لە بەرامبەر تاکەکان سەرەڕای ئەوەی یاسا پابەندی کردووە بە وەڵامدانەوە. ئەو بێدەنگیە دەبێتە هۆی هەندێ زیانگەیاندن بە تاکەکان وە نازانن هەڵوێستی ئیدارە بەرامبەریان چیە و وەڵامی چیە بۆ ئەوان. بۆیە لەپێناو دروستکردنی ڕەوایەتی و هاوسەنگی لەنێوان بەرژەوەندی گشتی و بەرژەوەندی تاکەکان، یاسادانەر دێتە ناو بابەتەکە بە دانانی ڕێسای بڕیاری کارگێڕی نەرێنی.

**بەرنامەی توێژینەوە :**

بەرنامەی ئەو توێژینەوەیە بریتیە لە بەرنامەی بەراودکاری و شیکاری بۆ خستنە ڕووی بابەتی بڕیاری کارگێڕی نەرێنی.

## گرفتی توێژینەوە :

گرفتێك دێتە پێش لەبارەی چۆنیەتی هاوسەنگیکردن لەنێوان دوو ڕوانگە کە هیچیان گرنگیان لەوەی تریان کەمتر نیە: یەکەمیان بریتیە لە ڕێزگرتن لە بنەمای مەشروعیەت کەوا لەسەر ئیدارە دەسەپێنێت ملکەچ بێت بۆ حوکمی یاسا جا چ بە بڕیارێکی ئەرێنی یاخود ڕەفتارێکی نەرێنی، وە دووەمیان پاراستنی تاکەکانە لەبەرامبەر هەڵوێستی نەرێنی ئیدارە وە ئەو لێکەوتانەی هەیەتی بۆ سەر ماف و ئازادیەکانیان.

## ئامانجی توێژینەوە :

ئامانجی ئەو توێژینەوەیە بریتیە لە ڕوونکردنەوە و تیشك خستنە سەر بابەتی بڕیاری کارگێڕی نەرێنی وە خستنە ڕووی ڕادەی داواکردن بە وەستانی جێبەجێکردنی وە باسکردنی چاودێری دادگایی لەسەر بڕیاری کارگێڕی نەرێنی. وە ئایا مەرجە شکلی و بابەتیەکانی ئەو بڕیارە چین.

## گرنگی توێژینەوە :

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە بەستراوەتەوە بە چەند بابەتێکی گرنگ، لەوانە سەرپێچیکردنی ئیدارە بۆ حوکمەکانی یاسا وە ڕێزنەگرتنی بنەمای مەشروعیەت ئەمەش لە میانەی گرتنەبەری هەلوێستێکی نەرێنی لەمەڕ دەرکردنی هەندێ بڕیاری کارگێڕی کەوا مافێك دروست دەکات بۆ تاکەکان بەپێی یاسا.

## پرسیاری توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە:

١- مەبەست چییە لە بڕیاری کارگێڕی نەرێنی؟

٢- چاودێری دادگا لەسەر بڕیاری کارگێڕی نەرێنی بە چ شێوازێکە؟

٣- ئایا ڕوکنەکانی بڕیاری کارگێڕی نەرێنی تایبەتمەندیەکی دیاریکراوی هەیە؟ یاخود هەمان ڕوکنە گشتیەکانی بڕیاری کارگێڕی هەیە؟

٤- ئایا دەسەڵاتی ئیدارە لەبەرامبەر ئەو بڕیارە تەقدیریە یاخود کۆتکراوە؟

**پەیکەری توێژینەوە :** توێژینەوەکەمان بەو شێوەیەی خوارەوە دابەش کردووە.

بەشی یەکەم/ پێناسەی بڕیاری کارگێڕی نەرێنی

باسی یەکەم/ مانای بڕیاری کارگێڕی نەرێنی

لقی یەکەم/ پێناسەی بڕیاری کارگێڕی نەرێنی

لقی دووەم/ مەرجەکانی بڕیاری کارگێڕی نەرێنی

لقی سێیەم/ تایبەتمەندیەکانی بڕیاری کارگێڕی نەرێنی

باسی دووەم/ جیاکردنەوەی بڕیاری کارگێڕی نەرێنی لەو بڕیارە کارگێڕییەی کەوا لێی دەچێت

لقی یەکەم/ بڕیاری کارگێڕی نەرێنی و بڕیاری کارگێڕی ناوەکی

لقی دووەم/ بڕیاری کارگێڕی نەرێنی و بڕیاری کارگێڕی ئاشکرا یاخود ئەرێنی

بەشی دووەم/ چاودێری دادگایی لەسەر بڕیاری کارگێڕی نەرێنی

باسی یەکەم/ پایە دەرەکییەکانی بڕیاری کارگێڕی

لقی یەکەم/ پایەی تایبەتمەندێتی

لقی دووەم/ پایەی شێوە و ڕێککارەکان

باسی دووەم/ پایە ناوەکیەکانی بڕیاری کارگێڕی

لقی یەکەم/ پایەی هۆکار

لقی دووەم / پایەی بابەت

لقی سێیەم/ پایەی مەبەست

باسی سێیەم/ دەسەلاتی دادوەر لە ڕاگرتنی جێبەجێکردنی بڕیاری کارگێڕی نەرێنی

لقی یەکەم/ مانای وەستاندنی جێبەجێکردنی بڕیاری کارگێڕی

لقی دووەم / ڕادەی گونجاوی وەستاندنی بڕیاری کارگێڕی نەرێنی

لە کۆتاییدا گرنگترین دەرئەنجامەکان و ڕاسپاردەی پێویستمان خستۆتەڕوو.

## بەشی یەکەم

## مانای بڕیاری کارگێڕی نەرێنی

بڕیارە کارگێڕیەکان لەسەر یەك شێوە نین، بەڵکو چەند جۆرێکن، وە بە تەنها باسکردنیان ئاسان نیە بەڵکو پێویست بە باسکردنی تایبەتمەندیەکانیشی دەکات وە جیاکردنەوەی لە هەندێ بڕیاری کارگێڕی کەوا لەو دەچن تا ئەو ڕادەی کەوا جیاکردنەوەیان لە یەکتری زەحمەتە، بۆ بە پێویستمان زانی ئەو بەشە بکەین بە دوو باس، لە باسی یەکەم مانای بڕیاری کارگێڕی نەرێنی دەخەینە ڕوو، وە لە باسی دووەم باسی جیاکردنەوەی بڕیاری کارگێڕی نەرێنی دەکەین کەوا لە بڕیارێکی کارگێڕی تر دەچێت، بەو شێوەیەی خوارەوە:

## باسی یەکەم

## مانا و پێناسەی بڕیاری کارگێڕی نەرێنی

بۆ زیاتر چوونە ناو بابەتی بڕیاری کارگێڕی نەرێنی و پێناسەکردنی و خستنەڕووی مەرجەکانی و تایبەتمەندیەکانی ئەو باسە دابەش دەکەین بۆ سێ لقی سەربەخۆ، بە شێوەیەك لە لقی یەکەم پێناسەی بڕیاری کارگێڕی دەخەینە ڕوو، وە لە لقی دووەم ئاماژە بە مەرجەکانی بڕیاری کارگێڕی نەرێنی دەکەین، وە لە لقی سێیەم تایبەتمەندیەکانی دەخەینە ڕوو، بەو شێوەیەی دادێ:

## لقی یەکەم

## پێناسەی بڕیاری کارگێڕی نەرێنی

قەزا و فقهی کارگێڕی کۆکن لەسەر ئەوەی بڕیاری کارگێڕی ملکەچ نیە بۆ یەك شێوەی دیاریکراو، وە کارگێڕی ملکەچ نیە کەوا بیخاتە ڕوو بە شێوەیەکی دیاریکراو ئەگەر یاسا پابەندی نەکردبوو بەو شێوەیە، بۆیە بڕیاری کارگێڕی دەکرێ بە نووسراو و زارەکی دەربکرێت، بە نەرێنی و ئەرێنی، یاخود تەنانەت لەڕێگەی ئامێرە پەیوەندیە تازەکان وەکو تۆڕی زانیاری نێودەوڵەتی [1].

بڕیارە نەرێنیەکان بریتین لەو بڕیارانەی کە دەسەڵاتی کارگێڕی بەشێوەی ڕاشکاوانە گوزارشت لە ویست و ئیرادەی خۆی ناکات و زیاتر هەڵوێستی بێدەنگی دەنوێنێ کە ئەم بێ دەنگ بوونەش گریمانە دەکرێت بە بڕیاری کارگێڕی، ئەمەش بە زۆری کاتێك ڕوودەدات کە دەسەڵاتە کارگێڕییەکە خۆی دەگرێت

[1] – فواز خلف طاهر، وقف تنفيذ القرار الإداري السلبي، مجلة جامعة النهرين، المجلد19، العدد1، 2017، لا207.

لە هەستانی بە گرتنەبەری ڕێککارێك یان دەرکردنی بڕیارێك کە دەقی یاسا واجیی کردووە لەسەر شانی کە ئەو ڕێککارە بگرێتەبەر یان ئەو بڕیارە دەربکات[□].

بەڵام سەبارەت بە پێناسەی دادگای کارگێڕی بۆ بڕیاری کارگێڕی نەرێنی، ئەوا دادگای قەزای میسری بەو شێوەیە پێناسەی کردووە: (دەرنەکردنی ئەو بڕیارانەی کەوا دەبوا دەرکرابان لەلایەن کارگێڕیەوە بەپێی یاسا)، هەروەها دادگای دادی ئوردنی پێناسەی کردووە بەوەی کە (بڕیاردەرنەکردنە لەلایەن دەسەڵاتی کارگێڕی، بۆ بڕیارێك کەوا ئەرك بووە دەریکردبا بەپێی یاسا و ڕێنماییەکان)[□].

لە هەندێ حوکمی دادگای کارگێڕی ئوردنی ئەوەمان دەستدەکەوێت کەوا بڕیاری نەرێنی ئەو بڕیارەیە کەوا هەندێ پابەندبوون هەیە لەسەر شانی لایەنی کارگێڕی بەڵام ئەو پابەندبوونە ئەنجام نادات و بڕیارێك دەرناکات کەوا دەبوا دەریکردبا[□].

یاسا بەراوردکاریەکان، لە نێویشیاندا یاسادانەری عێراقی نەپرژاوەتە سەر پێناسەیەك بۆ مانای بڕیاری کارگێڕی نەرێنی، بەڵکو تەنها چوارچێوەی گشتی بۆ داناوە، لە لایەن یاسادانەری عێراقی لە یاسای ئەنجومەنی شورای دەوڵەت ژمارە (٦٥) ی ساڵی ١٩٧٩ لە مادە حەوتەمی بڕگە شەشەم هاتووە کە : (لە شێوەی بڕیار یان فەرمان دادەنرێت دەرنەکردنی بڕیارێك یان فەرمانێك لەلایەن فەرمانبەر یان دەستە کە دەبوایە دەریکردبوایە بەپێی یاسا)(4).

وە لە یاسای ئەنجومەنی شورای هەرێمی کوردستان– عێراق لە مادە (١٣) بڕگەی حەوتەمدا بەو شێوەیە ئاماژەی بە بڕیاری کارگێڕی نەرێنی کردووە: (تانووت دان لە ڕەتکردنەوە یان کار نەکردنی فەرمانبەر یان دەستەی فەرمانگەکان و دەزگاکانی هەرێم لەبارەی دەرکردنی بڕیارێك یان فەرمانێك کە پێویست بوو لەسەری لەڕووی یاساییەوە بیکات[□].

## لقی دووەم

## مەرجەکانی بڕیاری کارگێڕی نەرێنی

چەند مەرجێکی دیاریکراو هەیە پێویستە بێنەدی بۆ ئەوەی بابەتی بڕیاری نەرێنی هەبێت، ئەو مەرجانەش ئەمانەن:

[□] – عەبدولقادر صالح عەبدول، بڕیاری کارگێڕی، چاپی دووەم، چاپخانەی یادگار، سلێمانی، 2019، لا 64.

[□] – د. فواز خلف طاهر، هەمان سەرچاوە، لا 207.

[□] – د.محمد حسني المجالي، التحليل القانوني للقرار الإدارى السلبى ومدى جواز وقف تنفيذه، دراسة مقارنة، مجلة الجامعة الاسلامية للدراسات الشرعية و القانونية، المجلد 28، العدد2، 2020، لا241.

[□] – ستار جابر عبيد، القرار الإداري السلبى في العراق، مجلة جامعة واسط للعلوم الانسانية، المجلد14، العدد40، 2018، لا512.

[□] – یاسای ئەنجومەنی شورای هەرێمی کوردستان– عێراق ژمارە (14)ی ساڵی 2008.

١- نەکردن و قەبوڵ نەکردن لەلایەن کارگێڕی: مەبەست لێی وەڵام نەدانەوەی داواکاری تاکەکانە جا چ بە قەبوڵکردن بێت یاخود قەبوڵ نەکردن[تر].

٢- دەبێ کارگێڕی پابەند بێت بەپێی یاسا بە دەرکردنی بڕیارەکە: مەبەست لێی تایبەتمەندی کارگێڕی کۆتکراوە یاخود بە مانایەکی تر دەسەڵاتی کارگێڕی لە دەرکردنی بڕیار کۆتکراوە نەوەك تەقدیری بێت.

٣- گرنگی تەواوبوونی ئەو مەرجانەی کەوا لە یاسادا هەنە بۆ دەرکردنی بڕیار: بۆ ئەوەی بتوانین بلێین کەوا دەکرێ تانە بدرێت بە هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری کارگێڕی نەرێنی، پێویستە سەرجەم ئەو مەرجانە هەبن کەوا لە یاسادا هەنە بۆ دەرکردنی بڕیار.

٤- دیاری نەرکردنی کاتێك بۆ کارگێڕی بۆ دەرکردنی بڕیارەکانی: ناوەڕۆکی ئەو مەرجە ئەوەیە کە یاسادانەر ماوەیەکی دیاریکراوی دانەناوە بۆ کارگێڕی بۆ ئەوەی بڕیارەکانی دەربکات، بەو جۆرەش بڕیاری کارگێڕی نەرێنی لە بڕیاری کارگێڕی شاراوە جیادەکرێتەوە[ير].

## لقی سێیەم

## تایبەتمەندیەکانی بڕیاری کارگێڕی نەرێنی

سەرەڕای بوونی چەند مەرجێك لە بڕیاری کارگێڕی نەرێنی، چەند تایبەتمەندیەکیشی هەیە کە پێی دەناسرێتەوە، کە ئەمانەی خوارەوەن:

**١- بڕیاری کارگێڕی نەرێنی هەڵس و کەوتێکی یاساییە:** ئەگەر پەیوەندییە یاساییەکان لەسەر بنەمای ئیرادە دامەزرابن، وە قسەکردن ئامرازی بەکارهاتوو بێت بۆ بۆ دەربڕینی ئیرادە، ئەوا بڕیاری کارگێڕی نەرێنی لەسەر بنەمای ئیرادەی ناوەوەی دەسەڵاتی کارگێڕی دامەزراوە، بەو پێیەی هەڵس و کەوتێکی یاساییە لەلایەنی کارگێڕی دەردەچێت بە ئیرادەی تاکانەی خۆی، بە ئاراستەی دروستکردنی شوێنەوارێکی دیاریکراوی یاسایی.

بۆمان ڕوون دەبێتەوە کەوا بڕیاری کارگێڕی نەرێنی هەڵس و کەوتێکی یاساییە، هەتا ئەگەر کارگێڕی بێ دەنگی هەڵبژاردبێت، وە نیازی خۆی دەرنەبڕیبێت بە شێوەیەکی ڕاشکاوانە چ بە قەبوڵکردن یان قەبوڵنەکردن[□].

(□) – د.حنان عبد القادر محمد خليفة، القرار الإداري السلبى وتطبيقاته في القضاء الإداري السعودي، مجلة كلية الشريعة والقانون بتفهنا الأشراف، المجلد 20، العدد 4، 2018، لا2939.

(ير) – هەمان سەرچاوە، لا 2940.

(□) – د. فواز خلف طاهر، سەرچاوە، لا 209.

**٢– بەردەوامی:** بیرۆکەی بەردەوامی لە بڕیارە کارگێڕییەکان بەستراوەتەوە بە ڕوکنی (محل)، وە محل ڕەگەزێکە لە ڕەگەزەکانی ڕەوایەتی بڕیاری کارگێڕی، مەبەستیش لە محل بابەتی بڕیارەکەیە یاخود ئەو شوێنەوارە یاساییەی جێی دەهێڵێت ڕاستەوخۆ ئەویش بە گۆڕین لە پێگەی یاسایی جا چ بە دروستکردن بێت یاخود هەموارکردن یان هەڵوەشاندنەوە. بڕیارە کارگێڕیە نەرێنیەکان بەوە وەسف دەکرێن کە بڕیارێکی بەردەوامە وە بەوە جیا دەکرێتەوە لە بڕیارە کارگێڕیەکانی تر کەوا شوێنەوارەکەی بەردەوامە و دەمێنێتەوە مادام ئەو ئامرازەی لێوەی سەرچاوەی گرتووە مابێت، وە حاڵەتی یاسایی لە بڕیاری کارگێڕی نەرێنی خۆگرتنی کارگێڕیە لە دەرکردنی ڕێوشوێنێك کەوا یاسا پابەندی کردووە پێی هەستێت وە ئەو تایبەتمەندیە – بەردەوامی– دەمێنێتەوە مادام ئەو خۆگرتنە لەلایەن کارگێڕی مابێت[*].

**٣– بڕیاری کارگێڕی نەرێنی ملکەچ نییە بۆ هۆکارهێنانەوە:** وەکو بنەما کارگێڕی پابەند نییە بە هۆکارهێنانەوە بۆ بڕیارە کارگێڕیەکانی، تەنها ئەگەر لەسەری سەپێندرا، لەو حاڵەتە هۆکار نەهێنانەوە دەبێتە خەوش و بڕیارەکە نامەشروع دەبێت.

دوو چارەسەر هەیە دەکرێ گریمانە بکرێت بۆ بڕیاری کارگێڕی نەرێنی:

یەکەمیان: بڕیاری کارگێڕی نەرێنی ناکرێ هۆکاری بۆ بهێندرێتەوە بەهۆی سروشتەکەی، لەو حاڵەتە دەرئەنجامی بە شەرعی بوونی ئەو بڕیارەی لێ دەکەوێتەوە، سەرەڕای هۆکارنەهێنانەوەی.

دووەمیان: بڕیاری کارگێڕی نەرێنی دەکرێ پابەندبوونی بە هۆکارهێنانەوە بەهەند وەرنەگرێ، ئەمەش دەرئەنجامی نا مەشروعیەتی بڕیارەکەی لێ دەکەوێتەوە، لەبەر ئەوەی ئەو بابەتە پەیوەندی نیە بە سروشتی بڕیارەکە کەوا ئەو هەڵاوێردنە بە پێویست دادەنێ لە هۆکارهێنانەوە، بەڵکو بابەتەکە بەهەند وەرنەگرتنی مەرجی هۆکارهێنانەوەیە[**].

[*] – ستار جابر عبید، سەرچاوەی پێشوو، لا 518.

[**] – سلطان منیع الله خضر العتیبي، القرار الإداري السلبي والطعن فیه بالتعویض، رسالة ماجستیر، جامعة نایف العربیة للعلوم الأمنیة، المملكة العربیة السعودیة، 2013، لا 31.

## باسی دووەم

## جیاكردنەوەی بڕیاری كارگێڕی نەرێنی  لەو بڕیارە كارگێڕییەی كەوا لێی دەچێت

بەهۆی لێكچوونی بڕیاری كارگێڕی نەرێنی لەهەندێك حاڵەتدا تێكەڵاوی دروست دەبێت لەنێوانیان، بەجۆرێك پێویست بە جیاكردنەوە دەكات، بۆ ئەوەی جیاكردنەوە بكەین لەنێوان بڕیاری كارگێڕی نەرێنی و هەندێك بڕیاری كارگێڕی تر كەوا لەو دەچن، ئەو باسە دابەش دەكەین بۆ دوو لق، لە لقی یەكەم باسی جیاكردنەوەی بڕیاری كارگێڕی نەرێنی دەكەین لەگەڵ بڕیاری كارگێڕی ناوەكی، وە لە لقی دووەم باسی جیاكردنەوەی بڕیاری كارگێڕی نەرێنی دەكەین لەگەڵ بڕیاری كارگێڕی ئاشكرا، بەو شێوەیەی خوارەوە:

### لقی یەكەم

### بڕیاری كارگێڕی نەرێنی و بڕیاری كارگێڕی ناوەكی

هەندێك جار تێكەڵاوییەكی ئاوا لەنێوان بڕیاری كارگێڕی نەرێنی و بڕیاری كارگێڕی ناوەكی (ضمني) دروست دەبێت تا ئەو ڕادەیەی كەوا هەندێك لە فوقەهاكان بڕیاری كارگێڕی ناوەكی وەسف دەكەن بە بڕیاری كارگێڕی نەرێنی، هەتا هەندێك لە بڕیارەكانی دادگای كارگێڕی تێكەڵاویان لەنێوانیان كردووە، لەبەر ئەوەی هەردووكیان هەڵوێستی نەرێنیان هەیە بۆ كارگێڕی لە بەرامبەر ئەو داوایانەی پێشكەشیان دەكرێت. سەرەڕای ئەوە قەزا و فقهـ كۆكن لەسەر ئەوەی هەردووكیان دوو بڕیاری سەربەخۆن و جیاوازن لە یەكتری، وە هەر یەكەیان تایبەتمەندی و مەرجی تایبەت بەخۆی هەیە[یز].

بڕیاری بەردەوام ماوەی تانەلێدانی بەڕوودا داناخرێت  و دەشێت تانەی لێ بدرێت مادەم بڕیارەكە هێشتا بەردەوامە و هەیە، كە ئەمەش لەم ڕووەوە لەگەڵ بڕیارە نەرێنییەكان یەك دەگرنەوە، بەڵام لەوەدا لەیەكتر جیادەكرێنەوە كە بڕیاری بەردەوام خۆی نابینێتەوە لە بێدەنگی دەسەڵاتی كارگێڕی، بەڵكو دەسەڵاتی كارگێڕی بە ڕاشكاوانە گوزارشتی لێ دەكات، لەوانەش بڕیاری دەرچوو بە هێشتنەوەی كەسێك لەژێر باری زۆرەملێدا یان ڕێگەگرتنی لە گەشتكردن، ئەم دوو بڕیارە بەردەوامن دەكرێت تانەیان لێ بدرێت مادەم هێشتنەوەی زۆرەملێكە و ڕێگەگرتن لە گەشتكردنەكە بەردەوام دەبێت[یر].

جیاوازیەكی تری نێوان هەردوو بڕیار ئەوەیە كەوا بڕیاری ناوەكی بە قەبوڵكردنە یان ڕەزامەندی بەگوێرەی دەقی یاسایی، لەكاتێكدا بڕیاری كارگێڕی نەرێنی بەردەوام قەبوڵنەكردنە. وە بێ دەنگ بوونی كارگێڕی لە بڕیاری كارگێڕی ناوەكی بابەتێكە یاسا ڕێی پێداوە، كەوا مافی هەیە بێدەنگی هەڵبژێرێت لە

(□) – د. يحيى جلال عبدالله، الرقابة القضائية على القرارات الضمنية للادارة، كتێبخانەی یادگار، سلێمانی، 2020، لا 110.

(یر) – د.مازن ليلو راضي، د.زانا رؤوف حمه كريم، د. دانا عبدالكريم سعيد، قەزای كارگێڕی، كتێبخانەی یادگار، سلێمانی، 2020، لا 247.

بەرامبەر ئەو داواکاریەی کەوا پێشکەشی کراوە، وەکو بێدەنگ بوونی کارگێڕی لە دەست لەکارکێشانەوەی فەرمانبەر، لەکاتێکدا قەبوڵنەکردن یان خۆگرتنی کارگێڕی کەوا لە بڕیاری کارگێڕی نەرێنیدا هەیە بابەتێکی نا مەشروعە[illegible].

بڕیاری ناوەکی بە جۆرێکی تایبەت دادەنرێت لە بڕیاری نەرێنی، لەوە هاوبەشە لەگەڵی کەوا کۆتایی دێت بە بێدەنگبوونی ئیدارە. بەڵام جیاوازی هەیە لەگەڵی لە چەند لایەنێك، لەوانە:

– بڕیاری ناوەکی پشت دەبەستێ بە دەقی یاسا، ئەمە نیە لە حاڵەتی بڕیاری نەرێنی .

– بڕیاری ناوەکی یان بە ڕەزامەندیە یان بە قەبوڵنەکردنە بەپێی لێکدانەوەی یاسادانەر، بەڵام بڕیاری نەرێنی بەردەوام بە قەبوڵنەکردنە.

– بڕیاری ناوەکی لە بوارێکە کەوا تێیدا کارگێڕی دەسەڵاتی خەملاندنی هەیە بەڵام بڕیاری نەرێنی لە چوارچێوەی دەسەڵاتی کۆتکراوە.

– ماوەی تانەدان لە بڕیاری کارگێڕی ناوەکی دیاریکراوە، بەڵام لە بڕیاری نەرێنی هیچ ماوەیەك دیاری نەکراوە بۆ تانەدان لێی و دەکرێ تانەی لێبدرێت لە هەرکاتێکدابێت(يز).

لە بڕگەی (٣) /هـ/ دووەم لە مادە حەوتەمی یاسای هەمواری دووەمی ئەنجومەنی شورای دەوڵەت ژمارە (١٠٦)ی ساڵی ١٩٨٩دا هاتووە: (... لە حوکمی ئەو بڕیارانە دادەنرێت کەوا دەکرێ تانەی لێبدرێت، قەبوڵنەکردن یان خۆگرتنی فەرمانبەر یان دەستەکان لە فەرمانگەکانی دەوڵەت و کەرتی هاوبەش لە دەرکردنی بڕیارێك یان فەرمانێك کەوا ئەرك بووە لەسەری دەریبکات بەپێی یاسا). لەو بڕگەیەوە بۆمان دەردەکەوێت کەوا مانای بڕیاری نەرێنی بەستراوەتەوە بەوەی کە ئەرکە لەسەر لایەنی کارگێڕی ئەو جۆرە بڕیارانە دەربکات کەچی خۆی گرتووە لە دەرکردنی، بەڵام ئەگەر یاسادانەر دەسەڵاتێکی تەقدیری پێدابێت لە دەرکردنی بە نەبوونی، وەکو قەبوڵنەکردنی داواکاری دەستلەکارکێشانەوە، یان فەرمانی گواستنەوە... تاد لێرەدا مەبەستی بڕیاری نەرێنی دەگۆڕدرێت وە وە ئەو داوایەی کەوا ئاراستەکراوە بۆ خۆگرتنی لایەنی کارگێڕی قەبوڵنەکراوە، ئەمیش بەهۆی نەبوونی مەحەلی بڕیارەکە[illegible].

یاسادانەری عێراقی بڕیاری نەرێنی ڕێکخستووە لە ڕێگەی بەندی چوارەمی مادە حەوتەمی یاسای ئەنجومەنی شورای دەوڵەتی عێراقی ژمارە (65)ی ساڵی 1979ی هەموارکراو، بۆیە لە بڕیارێکی دادگای باڵای فیدراڵیدا هاتووە کە: (دادگای باڵای فیدراڵی وای دەبینێت کەوا ئەوەی دادگا بۆی چووە لەو بارەیەوە نادروستە لەبەر ئەوەی تێبینی حوکمەکانی بڕگەی (ھ/3)ی نەکردووە لە بەندی دووەمی مادە (7)

([illegible]) – خالد الزبيدي، القرار الإداري الضمني في الفقه والقضاء الإداري، دراسة مقارنة، مجلة علوم الشريعة والقانون، المجلد 35، العدد 1، 2008، لا 11.

(يز) – د. ماجد راغب الحلو، القانون الإداري، دار المطبوعات الجامعية، اسكندرية، 1996، لا 503.

([illegible]) – صعب ناجي عبود الدليمي، الدفوع الشكلية أمام القضاء الاداري في العراق، مكتبة السنهوري، بغداد، 2010، لا 58.

لە یاسای سەرەوە کەوا تێیدا هاتووە : لە حوکمی ئەو بڕیارانە دادەنرێت کەوا دەکرێ تانەی لێبدرێت، قەبوڵنەکردن یان خۆگرتنی فەرمانبەر یان دەستەکان لە فەرمانگەکانی دەوڵەت و کەرتی هاوبەش لە دەرکردنی بڕیارێك یان فەرمانێك کەوا ئەرك بووە لەسەری دەریبکات بەپێی یاسا. لە ڕێگەی ئیجتیهادی قەزای کارگێڕی عێراقی دەبینین کەوا ڕێگە نادات بە کارگێڕی هەرچی بیەوێ بیکات و ئەوەی نەیەوێ نەیکات، هەتا ئەگەر دەسەڵاتی تەقدیری هەبێت، بەڵکو دەبێت بزانێت ئەو دەسەڵاتە ڕەها نیە و ملکەچە بۆ چاودێری دادگای کارگێڕی[1].

## لقی دووەم

## بڕیاری کارگێڕی نەرێنی و بڕیاری کارگێڕی ئاشکرا یاخود ئەرێنی

مەبەست لە بڕیاری کارگێڕی ئەرێنی ئەو بڕیارە ئاشکرایەیە کەوا کارگێڕی دەریدەکات تێیدا ئیرادەی تاکانەی خۆی بە ئاشکرا دەردەبڕێت جا چ بە نووسین بێت یان ئاماژەدان، جا ناوەڕۆکی بڕیارەکە بە قەبوڵکردن بێت یان قەبوڵنەکردن بێت، لە کاتێکدا بڕیاری کارگێڕی نەرێنی بریتیە لە خۆگرتن یان قەبوڵنەکردن لەلایەن کارگێڕی، یاخود دەربڕینی کارگێڕی لە ئیرادەی خۆی بە شێوەی بێدەنگیە سەرەڕای بوونی دەقی یاسایی ئاشکرا بۆ گرنگی دەرکردنی ئەو بڕیارە،بۆیە بڕیاری کارگێڕی نەرێنی شێوەیەکی دەرەکی دیاریکراوی نییە دەلالەتی لێبکات، وە شوێنەوارەکەی بە بەردەوامی و تازەیی دەمێنێتەوە مادەم حاڵەتی قەبوڵنەکردن یاخود خۆگرتنەکە ماوەتەوە[2].

جیاوازی لەنێوان بڕیاری کارگێڕی ئەرێنی و بڕیاری کارگێڕی نەرێنی کارێکی ئاسانە، لەبەرئەوەی بڕیار زۆربەی کات بەشێوەی ئەرێنی دەردەچێت، ئەمەش مانای ئەوە ناگەیەنێت کەوا لایەنی کارگێڕی خۆی ناگرێت لە دەرکردنی بڕیارێك کە لەسەری بوو بەپێی یاسا دەریکردبوایە یاخود بەرپەرچی ناداتەوە، بەمەش بڕیاری ئەرێنی تەواو پێچەوانەی ئەمەیە، کەوا تێیدا کارگێڕی ئیرادەی خۆی دەردەبڕێت بەشێوەیەکی ئەرێنی، بەجۆرێك ئەو کەسەی پەیوەندی هەیە بە بابەتەکە بزانێت بڕیارێك هەیە بەپێی بەڵگەیەك کەوا بەچاو دەبیندرێت. هەر لەو سۆنگەیەوە خۆگرتنی کارگێڕی لە دەرکردنی بڕیارێك کەوا لەسەری ئەرك بووە بەپێی یاسا دەریبکات، جیاوازە لە خۆگرتنی کارگێڕی بە ئەنجامدانی کارێکی مادی، هەرچەندە هەردوو هەڵس وکەوت ناوەڕۆکەکەیان خۆگرتنی کارگێڕیە لە ئەنجامدانی کارێکی ئەرێنی یاخود بەرپەرچدانەوەی لە ئەنجامدانی، جیاوازی هەیە لە نێوان بڕیاری کارگێڕی نەرێنی و خۆگرتنی کارگێڕی لە هەستانی بە ئەنجامدانی کارێکی مادی، ئەوەی دووەمیان ناگاتە ئاستی بڕیاری کارگێڕی، هەروەها ناکرێت تانەی لێبدرێت بە

(1) – د. يحيى جلال عبدالله، سەرچاوەی پێشوو، لا 127.

(2) - د. فواز خلف طاهر، سەرچاوەی پێشوو، لا 210.

هەڵوەشاندنەوە لەبەردەم دادگای کارگێڕی، بەڵام بڕیاری نەرێنی بڕیارێکی کارگێڕیە، بۆ خاوەن بەرژەوەندی هەیە تانەی لێبدات بە هەڵوەشاندنەوەی[illegible].

[□] – د.محمد حسين المجالي، هەمان سەرچاوە، لا 242.

# بەشی دووەم

## چاودێری دادگایی لەسەر بڕیاری کارگێڕی نەرێنی

لەپاش دەرچوونی یاسای ژمارە (106)ی ساڵی 1989یاسای هەمواری دووەمی یاسای ژمارە (165)ی ساڵی 1979ی یاسای ئەنجومەنی شورای دەوڵەت، عێراق هەنگاوی نا بەرەو قەزای دوانەیی بە مانای هەبوونی قەزایەکی تایبەتمەند لە تەنیشت دادوەری ئاسایی بۆ چاودێری کردنی کارەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن کە ناو دەبرێت بە کارگێڕی، ئەو قەزایەش ئەرکی سەرەکی بریتیە لە چاودێری کردنی مەشروعیەتی ئەو بڕیارە کارگێڕیانەی کە لەلایەن دامەزراوە حکومیەکانەوە دەردەچن و پاش ئەوەی لەلایەن هاوڵاتیانەوە یان فەرمانبەرانەوە تانەیان لیَ دەدرێت[تر]. لەم بەشە قسە لەسەر چاودێری دادگایی دەکەین لەسەر بڕیاری کارگێڕی نەرێنی و پایەکانی بڕیاری کارگێڕی لە سێ باسی جیاواز، لە باسی یەکەم پایە دەرەکیەکانی بڕیاری کارگێڕی دەخەینە ڕوو وە لە باسی دووەم باسی پایەی ناوەکی بڕیاری کارگێڕی دەکەین، وە لە باسی سێیەم دەسەڵاتی دادوەر دەخەینە ڕوو لە وەستاندنی جیَ بەجیَ کردنی بڕیاری کارگێری نەرێنی، بەو شێوەیەی دادیَ:

## باسی یەکەم

## پایە دەرەکییەکانی بڕیاری کارگێڕی

مەبەست لەو دوو پایەیە کەوا پەیوەندیان بە ناوەڕۆکی بڕیاری کارگێڕییەوە نیە، ئەوانیش تایبەتمەندێتی و شکل و ڕێککارەکانە، کەوا بە دوو لق دەیانخەینە ڕوو، لە لقی یەکەم باسی دەسەڵات یاخود تایبەتمەندێتی دەکەین وە لە لقی دووەم باسی شکل و ڕێککارەکان دەکەین:

### لقی یەکەم

### پایەی تایبەتمەندێتی

کارەکانی کارگێڕی گشتی و ڕێکخستنی بە شێوەیەکی باش پێویستی بە دابەشکردنی کارەکان هەیە لەنێوان دەستەکان یان فەرمانبەرانی کەوا ئەرکی وەزیفەی گشتی ڕادەپەڕێنن. بۆیە بیرۆکەی تایبەتمەندێتی گرنگی زۆری هەیە لە یاسای گشتی هاوچەرخ. وە مەبەست لە تایبەتمەندێتی ئەو دەسەڵاتە یاساییەیە کەوا دەدرێت بە دەستەیەکی گشتی یاخود فەرمانبەرێك بۆ ئەنجامدانی کارێك لە کارە یاساییەکان[یر]. وەکو بنەما یاسادانەر تایبەتمەندێتی هەر کەسێکی کارگێڕی گشتی دیاری دەکات. یاسادانەر ڕێگە نادات بە پێدانی تایبەتمەندییەکی دیاریکراو بە یەك لایەنی کارگێڕی، لەو حاڵەتە تایبەتمەندێتی ناودەبرێت بە تایبەتمەندێتی

(تر) – عەبدولقادر ساڵح عەبدول، سەرچاوەی پێشوو، لا 52.

(یر) – د. ماهر صالح علاوي الجبوري، مبادىء القانون الإداري، دار الكتب للطباعة والنشر، موصل، 1996، لا 161.

ڕێگر[1]. وە چەند لایەنێك بەشدار دەبن لە تایبەتمەندێتی وەکو دەرکردنی بڕیار دەبێتە کارێکی هاوبەش لە سەرجەم ئەو لایەنانەی تایبەتمەندێتیان هەیە ئەگەر هاتوو یاسا ڕێگەی دا بە بەشداربوونیان. بەڵام ئەگەر یاسادانەر ڕێگەی دا بە هەر لایەنێك کەوا تایبەتمەندێتی خۆی پڕاکتیزە بکات بە تەنیا ئەوا بۆ هەر یەکێکیان هەیە تایبەتمەندێتی پڕاکتیزە بکات بە تەنیا. وە بنەماکانی تایبەتمەندێتی لە ڕێسای گشتین وە ئەو خەوشەی هەبێت لە تایبەتمەندێتی پەیوەندی هەیە بە ڕێسای گشتی[2].

لە بڕیارێکی دادگای دادوەری باڵای ئوردنی هاتووە " ئەوەی بڕیاری ڕێگەپێدانی واژوو کردووە بەو سیفەتەی کەوا دەسەڵاتی ڕێگەپێدانی هەیە بریتیە لە وەزارەتی ناوەخۆ نەوەك وەزیر، بۆیە ڕێگەپێدانەکە بە نەبوو دادەنرێت بەهۆی ئەوەی لە لایەنێك دەرچووە کە مافی دەرکردنی نیە، هەروەها تانەدان لێی کۆت نەکراوە بە کات"[3].

ئاراستەی قەزای کارگێڕی عێراقی پێچەوانەی ئاراستەی قەزای کارگێڕی بەراوردەکانە، لەبەر ئەوەی قەزای کارگێڕیە بەراوردەکان ئەو بڕیارە کارگێڕیە بە نەبوو دانانێن کەوا خەوشدارە لە ئەنجامی خەوشی تایبەتمەندێتی بە پێچەوانەی عێراق، کە لە زۆر بڕیار دووپاتی ئەوەی کردۆتەوە، وەك ئەو بڕیارەی دەستەی گشتی ئەنجومەنی شورای دەوڵەتی عێراقی : (ناردنی ئەو فەرمانبەرەی دامەزراوە بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران بۆ خانەنشینی لە دەسەڵاتی ئەنجومەنی وەزیرانە وە وەزیری تایبەتمەند ئەو دەسەڵاتەی نیە، وە بڕیاری ناردنی داواکار (بەڕێوەبەری گشتی) بۆ خانەنشینی لە کەسێك دەرچووە کەوا ئەو دەسەڵاتەی نیە بۆیە ئەو بڕیارە بە نەبوو دادەنرێت لە ڕووی یاساییەوە)[4].

بڕیاری کارگێڕی نەرێنی دێتەدی کاتێك کە ئەندامێکی کارگێڕی خۆی دەگرێت یان بەرپەرچدەداتەوە لە دەرکردنی بڕیارێك کەوا یاسا پابەندی کردووە دەریبکات لەماوەیەك کەوا تێیدا تایبەتمەندبووە بە دەرکردنی بڕیارێك. وە سەبارەت بە تایبەتمەندی شوێنی دیاری دەکرێت بە ناوچەی هەرێمی کەوا پێویست دەکات خاوەن تایبەتمەندێتی پراکتیزەی کردبوایە، لەسەر ئەو بنەمایە خۆگرتن و دەرنەکردنی بڕیارێك کەوا یاسا پابەندی کردووە دەربکرێت وە کەوتبێتە چوارچێوەی سنووری هەرێمی بۆ پراکتیزەی تایبەتمەندیەکەی بە بڕیارێکی نەرێنی دادەنرێت[5].

لە حاڵەتێك ئەگەر کارگێڕی هەڵوێستی بێدەنگی هەڵبژارد لەبەرامبەر ئەو داواکاریەی پێشکەشی کراوە، بۆ خاوەن بەرژەوەندیەکە هەیە کەوا پەنا بباتە بەر دادگا ئەو بڕیار دەدات بە تایبەتمەندی بوون و تایبەتمەندی

---

(1) - هەمان سەرچاوە، لا 161.

(2) - هەمان سەرچاوە، لا 162.

(3) – نواف طلال فهيد العازمي، ركن الاختصاص في القرار الإداري وآثاره القانونية على العمل الإداري، رسالة ماجستير، جامعة الشرق الأوسط، كلية الحقوق، 2012، لا 61.

(4) – د. يحيى جلال عبدالله، هەمان سەرچاوە، لا 361.

(5) – د. مصطفى رسول حسين، هورامان محمد سعيد، الرقابة القضائية على القرار الإداري السلبي، بحث، دراسات قانونية و سياسية، السنة الرابعة، العدد (7)، جامعة السليمانية، 2016، لا 161.

نەبوونی لایەنی کارگێڕیەکە وە ئەو ڕەوایەتی ئەو بێدەنگ بوونەی کارگێڕی دیاری دەکات، ئەگەر هاتوو حوکمەکە لە بەرژەوەندی کارگێڕی بوو ئەوا بێدەنگیەکەی و دەرنەکردنی بڕیارەکە هەماهەنگە لەگەڵ بنەما یاساییەکان، بەڵام ئەگەر بڕیارەکە لە بەرژەوەندی تانەلێدەرەکە بوو ئەوا لەبەردەم بڕیارێکی کارگێڕی نەرێنی داین.وە ڕێوشوێنەکانی دادگا بۆ هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەست پێدەکات لەکاتی پێشکەشکردنی تانەکە بۆ دادگا ئەگەر نارەوایەتی بێدەنگبوونی کارگێڕی سەلمێندرا، هەروەها بە ماوەیەك نەبەستراوەتەوە هەروەها بۆ خاوەن بەرژەوەندی هەیە تانەی لێبدات لە هەر کاتێك بێت لەبەر ئەوەی بڕیاری نەرێنی بە بەردەوامیبوون ناسراوە وە پەنا بردنە بەر دادگا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی بێدەنگ بوونی کارگێڕیە لە دەرکردنی بڕیار[تر].

## لقی دووەم

## پایەی شێوە و ڕێککارەکان

شێوەی بڕیاری کارگێڕی ڕوخساری دەرەوەی بڕیاری کارگێڕییە کەوا تێیدا کارگێڕی ئیرادەی خۆی دەردەبڕێت. وەکو بنەما کارگێڕی پابەند نیە بە گرتنەبەری شێوەیەکی دیاریکراو لە دەرکردنی بڕیارەکانی ئەگەر یاسادانەر پابەندی نەکردبوو بە گرتنەبەری ڕێوشوێنێکی دیاریکراو، ئەگەر پابەندی کردبوو ئەوا کارگێڕی پابەندە بەو شێوەیە ئەگەرنا بڕیارەکەی خەوشدار دەبێت[یر].

لە بڕیارێکی دادگای کارگێڕی میسرِیدا لە ڕێککەوتی ١٩٥٠/١٢/١٢ هاتووە: (فەرمانە کارگێڕییەکان شێوەیەکی دیاریکراویان نیە بەڵکو تەنها دەربڕینی ئیرادەی فەرمانبەری تایبەتمەندە بۆ مەبەستێك لە مەبەستەکانی وەزیفەکەی وە لە سنووری تایبەتمەندی خۆی)[□].

جیاوازی نێوان شکلە جەوهەرییەکان و لاوەکییەکان بابەتی تەقدیریە و لەبەر ڕۆشنایی دەقی یاساکان و بیروڕای دادگا بڕیاری لێ دەدرێت، بە شێوەیەکی گشتی ڕێککار بە جەوهەری دادەنرێت گەر هاتوو یاسا بە ڕاشکاوانە وەسفی کردبوو یاخود پوچەڵبوونەوەی دانابوو وەك سزایەك بۆ سەرپێچیکردنی ڕێکارەکە. بەڵام گەر هاتوو یاساکە بێدەنگی نواندبوو، ئەوا لەم کاتەدا ڕێککارەکە بە جەوهەری دادەنرێت گەر هاتوو ئاسەواری یەکلاکەرەوەی هەبوو لە ڕەوتی دەسەڵاتی کارگێڕی کە ئەوەش ناوەڕۆکی بڕیارە کارگێڕییەکە دیاری دەکات، بەڵام گەرهاتوو ڕێکارەکە ئەم ئاسەوارەی نەدەخستەوە ئەوا لەم کاتەدا بە ڕێککارێکی لاوەکی دادەنرێت و بەم شێوەیەش گەر پشتگوێ خرا ئەوا نابێتە خەوش و کاریگەری نابێت لەسەر مەشروعیەتی بڕیارەکە[□].

---

([□]) – ستار جابر عبید، سەرچاوەی پێشوو، لا 527.

(یر) – صفاء محمود السويلميين، عبدالرؤوف أحمد الكساسبة، عيب الشكل وأثره في القرار الإداري، دراسة مقارنة، مجلة دراسات، المجلد 40، عدد 1، 2013، لا 1014.

([□]) – د. ماهر صالح علاوي، سەرچاوەی پێشوو، لا 181.

([□]) – د. مازن لیلۆ راضي، - د. زانا ڕەئوف حەمەکەریم، د. دانا عەبدولکەریم سەعید، سەرچاوەی پێشوو، لا 261.

جێبەجێکردنی بنەمای شێوە و ڕێککارەکان لـەسەر بڕیاری کارگێڕی نەرێنی بابەتێکی نەکراوە لـەڕووی پڕاکتیکی، لـەو بنەمایانەش هۆکارهێنانەوە، و بلاْوکردنەوە و ڕاگەیاندن،سەلماندنی بەروار، واژوو، بە گشتی کۆمەلێك لـە ڕێوشوێنی پێشینە و دواتر بۆ دەرکردنی بڕیار. بێگومان لـەبەرچاونەگرتنی ئەو ڕێوشوێنانە دەبێتە هۆی دەستبەردان لـە بەرژەوەندی کارگێڕی لـەلایەك، و بەهەدەردانی ماف تاکەکان لـەلایەکی تر. بۆیە دادگای کارگێڕی بەرپەرچی ئەو بڕیارە کارگێڕیانە دەداتەوە، وە بڕیار دەدات بە هەلوەشاندنەوەیان بەوپێیەی بڕیاری خەوشدارن لـە چەند ڕوویەکەوە(ﺗﺮ).

## باسی دووەم

## پایە ناوەکیەکانی بڕیاری کارگێڕی

جگە لـە پایەی دەرەکی بڕیاری کارگێڕی چەند پایەیەکی ناوەکیشی هەیە، کەوا لـەو باسەدا بە سێ لق باسیان دەکەین، لـە لقی یەکەم باسی پایەی هۆکار دەکەین، وە لـە لقی دووەم باسی پایەی مەحەل دەکەین وە لـە لقی سێیەم پایەی مەبەست دەخەینە ڕوو، بەو شێوەیەی دادێ:

### لقی یەکەم

### پایەی هۆکار

وەکو بنەمای گشتی دەسەلاتی کارگێڕی پابەندکراو نیە بە دەربڕینی ئەو هۆکارەی پالی پێوەناوە بە مەبەستی دەرکردنی بڕیارەکەی، بەو مانایەی کە پایەند نییە بە ئاشکراکردنی ئەو حالەتە واقیعییە یان یاساییەی کە بووەتە هۆی دەرکردنی بڕیارە کارگێڕیەکەی، بەلام گەر هاتوو یاسادانەر دەسەلاتی کارگێڕی پابەندکردبوو بە ئاشکراکردن یان باسکردنی هۆکاری دەرکردنی بڕیارەکەی، ئەوا لێرەدا پێویستە ملکەچی ئەو پابەندکردنە بێت، بە پێچەوانەوە ئەگەر پابەند نەبوو، ئەوا بڕیارەکەی شایستەی هەلوەشاندنەوە دەبێت چونکە کەم و کورتی تێدایە(ير).

چاودێریکردن لـەسەر هۆکاری بڕیاری کارگێڕی لـە چاودێریکردنی ماددەی وەقایعەکانەوە پەرەی سەندووە بۆ چاودێریکردنی وەسفی یاسایی وەقایعەکان، تا گەیشتە بواری گونجاویەتی نێوان بڕیاری کارگێڕی و ئەو وەقایعەی کە بووەتە پالنەری بڕیارەکە. گەر هاتوو دەرکەوت کە بڕیارە تانەلێدراوەکە لـەسەر هۆکارێك دانەمەزراوە کە پاساوی دەرکردنی بڕیارەکە بووبێت، ئەوا لـەم کاتەدا بڕیارەکە شیاوی هەلوەشاندنەوەیە لـەبەر نەبوونی ئەو وەقایعەی کە پشتی پێدەبەستێت(□).

(□) – علواني حمزة، تونسي محمد، وقف تنفيذ القرار الإداري السلبي، رسالة ماجستير، جامعة محمد بوضياف المسيلة، كلية الحقوق، الجزائر،2020، لا 16.

(ير) – عەبدولقادر ساڵح عەبدول، سەرچاوەی پێشوو، لا 39.

(□) – د. مازن لیلۆ راضي، - د. زانا رەئوف حەمەکەریم، د. دانا عەبدولکەریم سەعید، هەمان سەرچاوە، لا 275.

وەکو بنەما بڕیارە کارگێڕیە نەرێنیەکان ملکەچ نین بۆ هۆکارهێنانەوە بەو پێیەی بڕیارێکی نەنووسراون بەڵکو دروست دەبێت لە ئەنجامی خۆگرتنی کارگێڕی لە دەستخستنەناو بۆ دەرکردنی بڕیار سەرەڕای بوونی سەرجەم مەرجە شێوەییەکان بۆ دەرکردنی بڕیار، وە وێنای ئەوە ناکرێت هۆکار بۆ بڕیارێك بهێندرێتەوە کەوا بوونی نیە لە واقیعی مادی بەلاَم ئەمە مانای ئەوە نیە بڕیاری کارگێڕی نەرێنی پایەی هۆکاری نیە، جیاوازی هەیە لەنێوان ئەرکی هۆکارهێنانەوە بۆ بڕیار وەکو مەرجێکی شێوەیی کەوا یاسا دەیەوێ وە لەنێوان ئەرکی بوونی هۆکار لە بڕیار کەوا ڕاستی و دروستیەکەی بسەلمێنێت، بەوپێیەی کەوا بڕیار هەڵس و کەوتێکی یاساییە وە هیچ هەڵس و کەوتێکی یاسایی بەبێ هۆکار دروست نابێت وە دادگا چاودێری ڕادەی بوونی هۆکار و شەرعیەتی هۆکار دەکات(بتر).

## لقی دووەم

### پایەی بابەت

مەبەست لە بابەت (محل)ی بڕیاری کارگێڕی بابەتی بڕیارەکەیە کەوا شوێنەواری یاسایی ڕاستەوخۆی لێدەکەوێتەوە، جا چ ئەو شوێنەوارە بریتی بوو لە دروستکردن یان هەڵوەشاندنەوەی یان هەموارکردنەوەی پێگەیەکی یاسایی گشتی یاخود پێگەی یاسایی تاك. وە بابەت خەوشدار دەبێت ئەگەر هاتوو پێچەوانەی سیستەم بوو وە بوونی ئەو خەوشە بڕیارە کارگێڕیەکە هەڵدەوەشێنێتەوە، وە بۆ ئەوەی بڕیاری کارگێڕی مەشروع بێت پێویستە بابەتەکە بکرێت، ئەگەر بڕیارێك دەرچوو بە پایەبەرزکردنەوەی فەرمانبەرێك و دواتر دەرکەوت کەوا پێشتر فەسڵکراوە یان بڕیارێك دەربچێت بە ناردنی کەسێك بۆ دەرەوەی وڵات و بڕیارەکە جێبەجێکرا لەپاشان بڕیارێك دەرچوو لەدوای ئەوە بە پابەندکردنی بە هەستان بە هەندێ کاری وەزیفەکەی(بير).

لەوەی باسکرا ڕوون دەبێتەوە کەوا مەحەل ڕەگەزێکە لە ڕەگەزەکانی مەشروعیەتی بڕیاری کارگێڕی، بەهەمان شێوە ئەوە لەسەر بڕیاری کارگێڕی نەرێنیش جێبەجێدەبێت بۆ ئەوەی بڕیارەکە ڕاست و دروست بێت، وە خۆگرتنی کارگێڕی لە دەرکردنی بڕیارێك کەوا ئەرك بوو دەریکردبا دەبێتە بڕیارێکی کارگێڕی نەرێنی بەهۆی ئەوەی خەوشدارە لە مەحەلی بڕیارەکە، لەبەر ئەوەی کارگێڕی لەمە سەرپێچی حوکمەکانی یاسای کردووە، که ئەمەش بەتاڵبوونەوەی لێدەکەوێتەوە چ بڕیارەکە نەرێنی بوو یان ئەرێنی(□).

## لقی سێیەم

### پایەی مەبەست

---

(بتر) – حنان عبدالقادر محمد خليفة، هەمان سەرچاوە، لا 17.

(بير) – د. جابر سعيد حسن محمد، القانون الإداري في المملكة العربية السعودية، الطبعة الثانية، السعودية، 2007، لا158..

(□) – ستار جابر عبيد، سەرچاوەی پێشوو، لا 26.

مەبەست لە هەر هەڵس و کەوتێکی کارگێڕی ئەو ئەنجامەیە کەوا کارگێڕی مەبەستیەتی بەدیبهێنێت بە دەرکردنی بڕیار، وە مەبەست بەو مانایە جیاوازی هەیە لەگەڵ ئەنجامی ڕاستەوخۆی بڕیار، وە ئەو شوێنەوارەی لێیان دەکەوێتەوە پێی دەگوترێت مەحەلی بڕیار. بڕیاری کارگێڕی پابەندە بۆ تاکەکان نەوەك خودی خۆی بەڵکو ئەو مەبەستەی کەوا بۆ بەرژەوەندی گشتیە وەکو دامەزراندنی یەکێك لە تاکەکان لە وەزیفە بریتی نیە لە دانانی فەرمانبەر لە پایەکانی وەزیفی، بەڵکو پاراستنی بەڕێوەبردنی کەرتی گشتیە بە ڕێك و پێکی، بۆیە تێکەڵاوی نیە لە هۆکاری بڕیار و مەبەستەکەی. وە پێویستە بەردەوام کارگێڕی بەرژەوەندی گشتی لەبەرچاو بێت لە دەرکردنی بڕیارەکانی ئەگەرنا بڕیارەکە خەوشدار دەبێت بە خەوشی مەبەست یاخود لادان لە دەسەڵات، بەڵام هەر کۆتکراو دەبێت لە حاڵەتێك ئەگەر یاسادانەر چەند ئامانجێکی دیاریکراوی بۆ دانابوو کە پێویست بوو لەسەری ئەو ئامانجانە لەبەرچاو بگرێت. خەوشی مەبەست بە یەدەگ دەناسرێتەوە سەبارەت بە دادگا لەبەر ئەوەی دادوەر ئەگەر تانەی لە بڕیاردا ئەوا سەیری خەوشەکانی تر دەکات لەدوای ئەوە چاودێری خەوشی مەبەست دەکات، لەبەر ئەوەی سەلماندنی زەحمەتە بەهۆی ئەوەی بەستراوەتەوە بە لایەنی دەروونی سەرچاوەی بڕیارەکە. وە ئەگەر کارگێڕی لایدا لە بەرژەوەندی گشتی یان ئەو ئامانجەی بۆی دانراوە کەوا یاسادانەر مەبەستیەتی چ لە بڕیاری ئەرێنی یاخود نەرێنی ئەوا بڕیارەکە بەتاڵە، وە لەبەر ئەوەی کارگێڕی لە بڕیاری نەرێنی بەردەوام هەڵوێستەکەی دەرنەکردنی بڕیارە سەرەڕای پابەندبوونی بە دەرکردنی ئەوا مەبەستێکی نا مەشروعی هەیە[□].

## باسی سێیەم

## دەسەڵاتی دادوەر لە ڕاگرتنی جێبەجێکردنی بڕیاری کارگێڕی نەرێنی

وەك زانراوە بنەمای جێگیر لەلایەن قەزای کارگێڕی فەرەنسی لە سەرەتای دروستبوونیەوە بریتی بووە لەوەی کە ئەرکی دادوەری کارگێڕی بریتیە لە یەکلاکردنەوەی ناکۆکیەکانی قەزایی بە حوکمە قەزاییەکان وە ئەرکی کارگێڕی لەمەدا جێبەجێکردنی ئەو حوکمانەیە، بەپشت بەستن بە بنەمای جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان[ير]، بۆ ئەوەی بە وردی باسی ڕاگرتنی جێبەجێکردنی بڕیاری کارگێڕی نەرێنی بکەین ئەو باسە دابەش دەکەین بۆسەر دوو لق، لە لقی یەکەم باسی مانای وەستاندنی جێبەجێکردنی بڕیاری کارگێڕی دەکەین وە لە لقی دووەم باسی ڕادەی گونجاوی وەستاندنی بڕیاری کارگێڕی دەکەین، بەو شێوەیەی دادێ:

## لقی یەکەم

## مانای وەستاندنی جێبەجێکردنی بڕیاری کارگێڕی

(□) – هەمان سەرچاوە، لا 27.

(ير) – د.شورش حسن عمر، د.دانا عبدالكريم سعيد، اشكالية تنفيذ الاحكام الادارية وضرورة الاصلاح التشريعي في العراق واقليم كوردستان–العراق، دراسة تحليلية مقارنة، المجلة الاكاديمية للبحوث القانونية والسياسية، المجلد الثالث، العدد الثاني، الجزائر،2019، لا 4.

وەکو بنەما بڕیارە کارگێڕیەکان شایەنی جێبەجێکردنن بەتەنها بە دەرچوونی مادام کارگێڕی کارنەکات بۆ دیاریکردنی بەرواری جێبەجێکردنی، وە وەکو هەڵاوێردن لەسەر ئەو بنەمایە دەکرێ لایەنی پەیوەندیدار بە بڕیارە کارگێڕیەکە جێبەجێکردنەکەی بوەستێنێت. وە ئەگەر وەستاندنی بڕیاری کارگێڕی ئاشکرا هیچ گرفتێك دروست ناکات ئەوا بەپێچەوانەی ئەوە وەستاندنی بڕیاری کارگێڕی نەرێنی زۆر گفتوگۆی فقهی و قەزایی دەوروژێنێت[□].

یاسادانەری عێراقی حوکمەکانی وەستاندنی جێبەجێکردنی بڕیاری کارگێڕی ڕێك نەخستووە لە یاسای ئەنجومەنی دەوڵەت ژمارە (65) ی ساڵی 1979ی هەموارکراو، بەلاّم ئەوەی پەیڕەودەکرێت لە حوکمەکانی قەزای کارگێڕی و ئاراستەی فقهی وایدەبینێت کەوا وەستاندنی جێبەجێکردن وایلێهاتووە لەو بنەمایانەیە کەوا دروستبووە لە حوکمەکانی قەزا یان بۆچوونی فوقەهاکان. زۆربەی فوقەهاکان وای دەبینن کەوا بە تەنها بە بەرزکردنەوەی داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری کارگێڕی جێبەجێکردنی ئەو بڕیارە لەناو نابات، لەبەر ئەوەی بڕیاری کارگێڕی هەڵس و کەوتێکی یاساییە و جێبەجێکردنی ئەرکە تا ئەوکاتەی مەرجەکانی جێبەجێکردنی تەواو بوون لەڕووی یاساییەوە مادام لەلایەن کارگێڕیەوە نەکێشراوەتەوە یاخود هەڵنەوەشاوەتەوە بەهۆکارێك کەوا کاربکاتە سەر دروستیەکەی تاوەکو پێچەوانەکەی دەسەلمێندرێت بە بڕیارێکی دادگایی، لەبەر ئەوەی بە پێچەوانەی ئەمە چالاکی کارگێڕی پەکی دەکەوێت[ير].

## لقی دووەم

## ڕادەی گونجاوی وەستاندنی بڕیاری کارگێڕی نەرێنی

**یەکەم: ئەو بۆچوونەی کەوا دژی وەستاندنی بڕیاری کارگێڕی نەرێنییە:** دادگای کارگێڕی لە فەڕەنسا یەکلابۆتەوە لەوەی ناکرێت بڕیاری کارگێڕی نەرێنی بوەستێندرێت، وەکو بنەمای گشتی، تەنها ئەگەر هێشتنەوەی ئەو بڕیارە ناوەڕۆکەکەی گۆڕانکاریەکی تێدابێت لە پێگەیەکی یاسایی. بەڵگەی لۆژیکی بۆ ئەو بۆچوونە ئەوەیە کە وەستاندنی بڕیاری کارگێڕی نەرێنی بیرۆکەیەکی داهێنراوە یان دەستخستنەناوە. ئایا چۆن دەکرێت وەستاندنی جێبەجێکردن بڕیارێکی نەرێنی بگرێتەوە؟ لەبەر ئەوەی بڕیاری کارگێڕی خۆی خۆی جێبەجێدەکات، وە شوێنەوارەکەی دروست دەکات لەکاتی دەرچوونی دەم و دەست. بە مانایەکی تر لەخۆوە جێبەجێ دەبێت بەتەنها بە دەرچوونی. بە نموونە ئەگەر بڕیارێك دەرچوو بە قەبوڵنەکردنی بەشداربوویەکی پاڵێوراو لە پێشبڕکێی دامەزراندن، وە ڕێگری دەکرێت لێی بەشدار بێت بۆ چوونە ناو پێشبڕکێکە. وە ئەو بڕیارە کارپێکراوە وە شوێنەوارەکەی بەرهەم هاتووە لەکاتی دەرچوونیەوە، بەبێ هیچ ڕێوشوێنێك هۆکاری وەستاندنە. لەسەر ئەو بنەمایە دەبینین کە بڕیاری ئەرێنی کەوا بۆ جێبەجێکردنی پێویستی بە گرتنەبەری شێوە و ڕێککار هەیە، بۆ ئەوەی شوێنەوارەکەی بێتەدی. وە جێبەجێکردنی بڕیارەکە پێویستی بە

[□] – علواني حمزة، تونسي محمد، سەرچاوەی پێشوو، لا 34.

[ير] – د.زينب كريم سوادي، التنظيم القانوني لوقف تنفيذ القرار الإداري في التشريع العراقي، دراسة، مجلة الدراسات المستدامة، السنة الثالثة، المجلد الثالث، العدد الرابع، جامعة القادسية، 2021، لا 6.

هەندێك كاتە، كە ئەمەش هەلیێكە بۆ ئەوەی لە ڕێگەیەوە بكرێت درك بە وەستاندنی شوێنەواری بڕیارەكە بكرێت، وە ئەگەر وەستاندنی جێبەجێكردنی بڕیاری ئەرێنی ئاسان بێت، ئەوا حاڵەتەكە بۆ بڕیاری نەرێنی زەحمەتە[تر].

**دووەم: ئەو بۆچوونەی كەوا كۆكە لەگەڵ وەستاندنی بڕیاری كارگێڕی نەرێنی:** داوای وەستاندنی جێبەجێكردنی بڕیاری كارگێڕی داوایەكی دروست بوو نیە لەخۆوە، بەڵكو لقێكە لە داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری كارگێڕی بۆتەوە كە داواكراوە بوەستێندرێت، وە لە لاپەڕەی تانەكە ئاماژەی پێدەدرێت و بەردەوام دەبێت لەگەڵ داواكە بە هەبوون و بە نەبوون، وە یاسادانەری عێراقی لە یاسای ئەنجومەنی شورای دەوڵەت ژمارە 65ی ساڵی 1979ی هەمواركراو دەقی نەهێناوەتەوە تەنها بە مەرج نەبێت بۆ قەبوڵكردنی داوای تانەدان لە بڕیارە كارگێڕیەكان، كە ئەویش ستەمبینی ئەرێنیە لەلایەن لایەنی كارگێڕی، وە فقە و قەزای كارگێڕی مەرجی شێوەیی و بابەتیان داناوە بۆ بەرزكردنەوەی داوای وەستاندنی جێبەجێكردنی بڕیاری كارگێڕی بەشێوەیەكی گشتی[ير].

یاسادانەری میسری جیاوازی نەكردووە لەنێوان بڕیارە نەرێنیەكان و بڕیارە ئەرێنیەكان، و هەردووكی داناوە بەوەی كە دەكرێ داوای وەستانی جێبەجێكردنیان بكرێت بەهەمان ڕێسا و مەرج. وە هەندێك لە فوقەهای میسری ڕایان وایە كەوا بابەتەكە زۆر وردە، لەبەر ئەوەی پێدانی ماف بە تانەلێدەر بە هەڵوەشاندنەوە لە بڕیاری نەرێنی بە وەستاندنی جێبەجێكردنی وە دەرچوونی حوكم بە وەستاندنی جێبەجێكردنی مانای ئەوە دەگەیەنێت كە قەزا فەرمانی كردووە بە لایەنی كارگێڕی تایبەتمەند كەوا هەڵبستێت بە شتێكی دیاریكراو هەروەها جێی ئەوی گرتۆتەوە. وە هەندێكی تر پشتگیری وەستاندنی بڕیاری كارگێڕی نەرێنی دەكەن و دەڵێن بێگومان قەزای میسری لە جیاوازی نەكردن لەنێوان بڕیاری ئەرێنی و نەرێنی لە بواری وەستاندنی جێبەجێكردنی جێی پشتگیریكردنە، وە بینینەكەی دروستە، وە هیچ دەقێك نیە كۆتی بكات بە پێچەوانەكەی[□].

ئێمە لەگەڵ ئەو بۆچوونەین كەوا دژی وەستاندنی بڕیاری كارگێڕی نەرێنییە، لەبەر ئەوەی لە ڕووی پراكتیكیەوە بابەتەكە ئاڵۆزە، چونكە بڕیاری كارگێڕی نەرێنی وەكو بڕیاری ئەرێنی نیە كەوا دەرچووبێت و تانە بدرێت لە لایەنێكی بڕیارەكە بەوەی كەوا خەوشدارە یاخود ستەمی تێدایە دەرهەق بە پێگەی یاسایی فەرمانبەرێك، وە وەكو پێشتر باسكرا بڕیاری نەرێنی خۆی خۆی جێبەجێدەكات و شوێنەوارەكەی دەم و دەست دێتەدی.

---

[تر] – غیتاوي عبدالقادر، القرار الإداري السلبی، دراسة مقارنة، مجلة القانون والمجتمع، المجلد 1، العدد2، 2013، لا 48.

[ير] – د.فواز خلف طاهر، د. صالح عبد عايد، سەرچاوەی پێشوو، لا 216.

[□] – د. محمد حسین المجالي، سەرچاوەی پێشوو، لا 262.

## دەرئەنجامەکان

1- بڕیارە نەرێنیەکان بریتین لەو بڕیارانەی کە دەسەڵاتی کارگێڕی بەشێوەی ڕاشکاوانە گوزارشت لە ویست و ئیرادەی خۆی ناکات و زیاتر هەڵوێستی بێدەنگی دەنوێنێ کە ئەم بێ دەنگ بوونەش گریمانە

دەکرێت بە بڕیاری کارگێڕی، ئەمەش بە زۆری کاتێك ڕوودەدات کە دەسەڵاتە کارگێڕییەکە خۆی دەگرێت لە هەستانی بە گرتنەبەری ڕێککارێك یان دەرکردنی بڕیارێك کە دەقی یاسا واجبی کردووە لەسەر شانی کە ئەو ڕێککارە بگرێتەبەر یان ئەو بڕیارە دەربکات.

2- هەندێك جار تێکەڵاوییەکی ئاوا لەنێوان بڕیاری کارگێڕی نەرێنی و بڕیاری کارگێڕی ناوەکی (ضمني) دروست دەبێت تا ئەو ڕادەیەی کەوا هەندێك لە فوقەهاکان بڕیاری کارگێڕی ناوەکی وەسف دەکەن بە بڕیاری کارگێڕی نەرێنی، هەتا هەندێك لە بڕیارەکانی دادگای کارگێڕی تێکەڵاویان لەنێوانیان کردووە.

3- ئاراستەی قەزای کارگێڕی عێراقی پێچەوانەی ئاراستەی قەزای کارگێڕی بەراوردەکانە، لەبەر ئەوەی قەزای کارگێڕیە بەراوردەکان ئەو بڕیارە کارگێڕیە بە نەبوو دانانێن کەوا خەوشدارە لە ئەنجامی خەوشی تایبەتمەندێتی بە پێچەوانەی عێراق.

4- ئەگەر کارگێڕی لایدا لە بەرژەوەندی گشتی یان ئەو ئامانجەی بۆی داندراوە کەوا یاسادانەر مەبەستیەتی چ لە بڕیاری ئەرێنی یاخود نەرێنی ئەوا بڕیارەکە بەتاڵە، وە لەبەر ئەوەی کارگێڕی لە بڕیاری نەرێنی بەردەوام هەڵوێستەکەی دەرنەکردنی بڕیارە سەرەڕای پابەندبوونی بە دەرکردنی ئەوا مەبەستێکی نا مەشروعی هەیە.

5- یاسادانەری میسری جیاوازی نەکردووە لەنێوان بڕیارە نەرێنیەکان و بڕیارە ئەرێنیەکان، و هەردووکی داناوە بەوەی کە دەکرێ داوای وەستانی جێبەجێکردنیان بکرێت بەهەمان ڕێسا و مەرج.

## ڕاسپاردەکان

1- خوازیارین کەوا یاسادانەری عێراقی و هەرێمی کوردستان گرنگی بدەن بە ڕێکخستنی حوکمەکانی پەیوەست بە بڕیاری کارگێڕی نەرێنی و بە گرنگترینیان هەڵوەشاندنەوە و کێشانەوەی وە نەهێشتنی ئەو بەرکەوتنەی لەگەڵ بڕیاری شاراوە دروست دەبێت.

2- دەخوازین کەوا یاسادانەری عێراقی و هەرێمی کوردستان بە ڕاشکاوی دەق بهێنێتەوە لەو یاسایانەی کەوا ناکۆکیە کارگێڕیەکان ڕێك دەخەن لەبارەی وەستاندنی بڕیاری کارگێڕی نەرێنی بەپێی مەرج و حوکمی تایبەت.

## سەرچاوەکان

### یەکەم: کتێبە کوردیەکان:

1- د.مازن ليلو راضي، د.زانا رؤوف حمه كريم، د. دانا عبدالكريم سعيد، قەزای کارگێڕی، چاپخانەی یادگار، سلێمانی، 2020.

2- عەبدولقادر صالح عەبدول، بڕیاری کارگێڕی، چاپی دووەم، چاپخانەی یادگار، سلێمانی، 2019.

**دووەم: کتێبە عەرەبییەکان:**

1- د. جابر سعيد حسن محمد، القانون الإداري في المملكة العربية السعودية، الطبعة الثانية، السعودية، 2007.

2- صعب ناجي عبود الدليمي، الدفوع الشكلية أمام القضاء الاداري في العراق، مكتبة السنهوري، بغداد، 2010.

3- د. ماجد راغب الحلو، القانون الإداري، دار المطبوعات الجامعية، اسكندرية، 1996.

4- د. ماهر صالح علاوي الجبوري، مبادئ القانون الإداري، دار الكتب للطباعة والنشر، موصل، 1996.

5- د. يحيى جلال عبدالله، الرقابة القضائية على القرارات الضمنية للادارة، الطبعة الأولى، کتێبخانەی یادگار، سلێمانی، 2020.

**سێیەم: ماستەرنامەکان:**

1- سلطان منيع الله خضر العتيبي، القرار الإداري السلبي والطعن فيه بالتعويض، رسالة ماجستير، جامعة نايف العربية للعلوم الأمنية، المملكة العربية السعودية، 2013.

2- علواني حمزة، تونسي محمد، وقف تنفيذ القرار الإداري السلبي، رسالة ماجستير، جامعة محمد بوضياف المسيلة، كلية الحقوق، الجزائر،2020.

3- نواف طلال فهيد العازمي، ركن الاختصاص في القرار الإداري وآثاره القانونية على العمل الإداري، رسالة ماجستير، جامعة الشرق الأوسط، كلية الحقوق، 2012.

**چوارەم: توێژینەوە بڵاوکراوەکان:**

1- خالد الزبيدي، القرار الإداري الضمني في الفقه والقضاء الإداري، دراسة مقارنة، منشور في مجلة علوم الشريعة والقانون، المجلد 35، العدد 1، 2008.

2- د.حنان عبد القادر محمد خليفة، القرار الإداري السلبي وتطبيقاته في القضاء الإداري السعودي، مجلة كلية الشريعة والقانون بتفهنا الأشراف، المجلد 20، العدد 4، 2018.

3- د. مصطفى رسول حسين، هورامان محمد سعيد، الرقابة القضائية على القرار الإداري السلبي، بحث، دراسات قانونية و سياسية، السنة الرابعة، العدد (7)، جامعة السليمانية، 2016.

4- د.زينب كريم سوادي، التنظيم القانوني لوقف تنفيذ القرار الإداري في التشريع العراقي، دراسة، مجلة الدراسات المستدامة، السنة الثالثة، المجلد الثالث، العدد الرابع، جامعة القادسية، 2021.

5- د.شورش حسن عمر، د.دانا عبدالكريم سعيد، اشكالية تنفيذ الاحكام الادارية وضرورة الاصلاح التشريعي في العراق واقليم كوردستان-العراق، دراسة تحليلية مقارنة، المجلة الاكاديمية للبحوث القانونية والسياسية، المجلد الثالث، العدد الثاني، الجزائر،2019.

6- د.محمد حسني المجالي، التحليل القانوني للقرار الإدارى السلبى ومدى جواز وقف تنفيذه، دراسة مقارنة، مجلة الجامعة الاسلامية للدراسات الشرعية و القانونية، المجلد 28، العدد2، 2020.

7- ستار جابر عبيد، القرار الإداري السلبى في العراق، مجلة جامعة واسط للعلوم الانسانية، المجلد14، العدد40، 2018.

8- صفاء محمود السويلمين، عبدالرؤوف أحمد الكساسبة، عيب الشكل وأثره في القرار الإداري، دراسة مقارنة، مجلة دراسات، المجلد 40، العدد1، 2013.

9- غيتاوي عبدالقادر، القرار الإداري السلبي، دراسة مقارنة، مجلة القانون والمجتمع، المجلد 1، العدد2، 2013.

10- فواز خلف طاهر، وقف تنفيذ القرار الإداري السلبى، مجلة جامعة النهرين، المجلد19، العدد1، 2017.

**پێنجەم: یاساكان:**

1- یاسای ئەنجومەنی شورای هەرێمی كوردستان- عێراق ژمارە (14)ی ساڵی 2008.
2- یاسای ئەنجومەنی شورای عیراقی ژمارە (65)ی ساڵی 1979ی هەمواركراو.